# بیرکردنەوەکان ئازادن

هۆفمان فۆن فێلەرسلێبن
لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا



بەڵام کێ دەتوانێت مەزندەیان بکات؟
وەک سێبەری شەوانە بە بەر دەمماندا دەفڕن
هیچ مرۆڤێک ناتوانێت لەبارەیانەوە بزانێت
هیچ ڕاوچییەک بە باروتەوە تەقەیان لێ ناکات
بیرکردنەوەکان ئازادن

من بیر لەوە دەکەمەوە کە چیم دەوێت و
چی بەختەوەرم دەکات
بەڵام هەموو شتێک بێدەنگە
وەک ئەوەی پێویست بێت
کەس ناتوانێت ئاوات و
ئارەزووی من ڕەت بکاتەوە
هەرواش دەبێ
بیرکردنەوەکان ئازادن
لە ژووری تەسک و تاریک زیندانی کراوم
هەموو ئەمانە کاری بێهوودەن
چونکە بیرکردنەوەکانم بەربەست و دیوارەکان دەبڕن
بیرکردنەوەکان ئازادن
ئێستا دەمەوێت بۆ هەمیشە
دەستبەرداری نیگەرانییەکانم بم
چیتر نامەوێت خۆم بە سیسرک بێزار بکەم.
مرۆ دەتوانێت لە دڵەوە
پێبکەنیت و گاڵتە بکات و بیربکاتەوە
بیرکردنەوەکان ئازادن
شەرابەکەم خۆش دەوێت،
کچەکەش پێش هەمووان،
چونکە زۆرم حەز لێیە،
من بە تەنیا دانەنیشتووم، کچەکە و
پەرداخە شەرابەکەم لەگەڵە
بیرکردنەوەکان ئازادن.

سەرچاوە:
https://www.gedichte-lyrik-online.de/joseph-von-eichendorff.html